# ئاكام و ئامانجەكانی جەنگی چوار ساڵەی تیرۆریزم

### دەبێ چی بكەین بۆ كۆتایی هێنان بەم جەنگی بەربەرییە؟

**ئاسۆ كمال** -**ئابی** 2005

### ( بەشی سێهەم )

## ڕوداوی 7 تەموزی لەندەن و ئایندەی هاوپەیمانێتی ئەوروپی لە جەنگی تیرۆریزمدا

**ڕوداوی تیرۆریستی 7 ی تەمووز دوای 11 سپتامبەر گەورەترین ڕوداوێك بوو لە غەربدا لە چوار ساڵەی جەنگی تیرۆریزم دا.تونی بلێر و حكومەتەكەی هەرچەند هەوڵیان داوە بە چارەسەری پۆلیسی و بانگەواز بۆ هاوكاری نیودەولەتی دژ بە تیرۆریزمی ئیسلامی ئاكامی ئەم ڕوداوانە 7 و 21 لەندەن ئیحتیوا بكەن،بەڵام ئەم ڕوداوانەی لەندەن لەوە كاریگەرترن كە بتوانرێت بەم هەوڵانە كۆتاییان پێبهێنرێت. لای خەڵكی بەریتانیا ئەو پرسیارەی دروست كردوە كە بۆچی لەندەن بوەتە مەیدانێكی جەنگی تیرۆریزم؟ پەیوەندی شەڕی عێراق و مانەوەی هێزەكانی بەریتانیا لە عێراقدا لەگەڵ هەڕەشەی تیرۆریزمی ئیسلامی چیە؟**

**بلێر و حكومەتەكەی و ژورنالیزمی پرۆجەنگی تیرۆریزم وەك "ئیكونومیست" دەیانەوێت ڕوداوەكە بخەنە قاڵبی ئەو گەنجە موسڵمانانەی كە كاریگەری خویندن لە "مەدرەسە" فەندەمینتالیستەكانی پاكستان و سایتە ئیسلامیەكان وای لێكردون ببنە پەیڕەوانی ئەلقاعیدە و هەڵسن بەو كارە تیرۆریستانەیە. ئەم جۆرە مامەڵەكردنە لەگەڵ كردەوە تیرۆریستیەكانی ئیسلامی سیاسی لەبەریتانیادا ، حكومەتی بلێر لەكۆڵ ئەو بن بەستە سیاسیە دەكاتەوە كە سەرچاوەی ئەسڵی ئەم روداوە تیرۆریستیانەیە كە دەرگیربوونی بەریتانیا لەگەڵ جەنگی تیرۆریزم و كەوتنەدوای نەزمىنوێی ئەمریكایە.**

**ئەو شێوازی مامەڵەیەی ئێستای حزبی لەیبەر لە ئاستی ناوخۆدا پۆلیسی كردنی دەوڵەتە . بڕیاری " تەقە بكە بە قەستی كوشتن"ی هەر گومان لێكراوێك كە دراوە بە پۆلیس و لاوێكی بەرازیلی بێگوناحی كردە قوربانی لە 21تەمووز لە لەندەن ، نمونەیەكی ئەو ڕاستیەیە. لەیبەر دەیەوێت لە ڕوداوی 7 تەمووز سوودی خراپ وەرگرێت تاكو یاسای دژی تیرۆر كە لەدوای 11 سپتامبەرە وەكو بەشێك لە پیویستیەكانی دەوڵەتێك كە بوەتە بەشێكی جەنگی تیرۆریزم بیسەپێنێت و ناتوانێت و ئێستا بە فرسەت دەزانێت بۆ سەپاندنی هەموو ئەو پیشیلكاریانەی مافی مەدەنی مرۆڤ و مافی پەنابەری كە لە سایەی ئەم یاسایەدا ڕەسمی دەبێتەوە.**

**هاوكات تۆنی بلێر دەیەوێت لەم ڕوداوەوە نەك تەنها مۆلتی كەلچەریزم ،نسبیەتی فەرهەنگی، جێگیرتربكات كە بناغەی گەشەی فەرهەنگی ئیسلامی سیاسیە و بوونی بەرتانیا ولەندەنە بە مەركەزی فەندەمینتالیستە ئیسلامیەكان ، بەڵكو دانیشتنی دەوڵەتی بەریتانیا لەگەڵ نوێنەرانی كۆمینیتیە موسڵمانەكان و مزگەوتەكان ڕەسمیەتدان بە باڵادەستی ئیسلامیەكانە لەو كۆمینیتیە كۆچكردوانەدا كە لە كۆمەڵگای بەریتانیادا و خزمەتكردن بە پرۆژە ئیسلامیەكانی ئەم تاقمانەیە كە بونەتە كارخانەی دروستكردنی تیرۆریزمی ئیسلامی لەو لاوانەی فشاری مۆلتی كەلچەریزم و سیاسەتی ڕاسیستی و ئەپارتایدی دەوڵەت لە بوارەكانی كار و ژیانی ئابوری و كۆمەڵایەتیدا و لەلایەن میدیاكانەوە پاڵیان پێوە دەنێت بۆ بونە قوربانی سیاسەتی "دژی غەربی" ئیسلامی سیاسی. بەم شیوەیە دەوڵەتی لەیبەر لەسەر حسابی كۆمینتیە شەرقیەكانی بەریتانیا بنەماكانی ئیسلامی سیاسی بەهێز دەكات لە پێناو دورخستنەوەی باڵا دەستی تیرۆریزم لەناو ئیسلامی سیاسی لە بەریتانیادا.**

**بەڵام ئەم حساباتانەی حكومەتی بلێر دوای چەند تەقینەوەیكی تر بێ عەمەلی خۆیان دەردەخەن و واقعیەتی ئەوەی بەریتانیا لە جەنگێكی جیهانی تیرۆریزمدایە ناتوانێت بەم لیكدانەوە و چارەسەرە مەقتەعیانە بشاردرێتەوە. حكومەتی بلێر ناتوانێت گەورەترین هاوپەیمانی ئەمریكا بێت لە جەنگی تیرۆریزمدا و لە لەندەنیش لە خانوی شوشەدا دابنیشێت.**

**لەندەن ئێستا لە پاڵ بەغداددا دوو مەركەزی جەنگی تیرۆریزمن. وەڵامی كۆتایی هاتن بە تیرۆریزمی ئیسلامی لە لەندەندا مەسەلەیەكی ناوخۆیی بەریتانیا نیە . ئەمە بەشێكە لە مەیدانێكی بەرفراوانی جەنگی تیرۆریزم. بۆ پاراستنی لەندەن و كۆتایی هاتن بەهەڕەشەی تیرۆریزم لەسەر بەریتانیا دەبێت ئەم حكومەتە وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە كە ئەم جەنگە كەی تەواو دەبێت تاكو چیتر جەبهەی لەندەن و بەریتانیاشی لە ئارامیدا بێت. بەتاییەت حكومەتی بلێر دەزانێت كە هێزی ئەم تیرۆریزمی ئیسلامیە**

سوپایەکی خارجی نییە بەڵکو وەك لەسەرەوە باسمان کرد و ئەم ڕوداوانە نیشانیدا ئەم هێزە لەناو خانوی شوشەی "مۆڵتی کەلچەریزم و قوتابخانەی ئیسلامیدا " لە بەریتانیادا پەروەردە دەبن. لەکاتێکدا ئەم حکومەتە دوای چوار ساڵ وەڵامێکی بۆ کۆتایی هاتنی جەنگی تیرۆریزم نییە ، هەربۆیە ناچارە ئەم ڕوداوانە لە قالبێکی تردا بخاتە ڕوو تاکو خۆی لەو پرسیارانە بدزێتەوە. بلێر دەتوانێت هاوکار و ڕاویژکارێکی بوش بێت لە جەنگی تیرۆریزم و لە شەڕی عێراق و کێشەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا و سەرکردە کردنی هاوپەیمانیتی ئەوروپا بۆ بردنە پێشەوەی ئەو سیاسەتانەی کە ئەمریکا بڕیاری ئاخری لەسەر دەدات. بەم وەزعیەتەوە هەر باسکردنێك لە پەیوەندی چارەسەری کێشەی تیرۆریزمی ئیسلامی لە بەریتانیادا بە ئایندەی جەنگی تیرۆریزم لە عێراق و چارەسەری مەسەلەی فەلەستین و کێشەی باڵادەستی ئەمریکا و "نەزمی نوێی جیهانی "ەکەیەوە ، حکومەتی بلێر توشی ژانە سەر و بن بەستێکی سیاسی دەکات. بەو پێیەی کۆتایی جەنگی تیرۆریزم و مانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عیراقدا دیاری نییە و چارەسەری مەسەلەی فەلەستین لە هەڵبەز و دابەزێکی نادیاردا بەردەوامە و سەرکردایەتیکردنی بلێر بۆ هاوپەیمانیتیکردنی ئەمریکا رۆژ بەڕۆژ لەگەڵ لیکترازانی زیاتری یەکێتی لەگەڵ هێزە سەرەکیەکانی ئەوروپادا وەك فەرنسا و ئەلمانیا دەچێتە پێش.خستنە پێش چاووی ئەم هەموو کێشانە کە کاریگەری روداوی 7 تەمووز دەتوانێت ئاڵوگۆڕی جدیان تێدا پێك بهێنێت مەسەلەیەکە کە نەك هەر لەییەر بەڵکو تەنانەت ئەحزابێکی وەك لیبرال دیموکراتیشی تووشی ئەزمەیەك کردوە و ئەمە واقعیەتی کۆبونەوەی سەرجەم باڵەکانی بورژوازی لەسەر مێزێك دەردەخا کە بێبەدیلییە.

بانگێشتەکانی بلێر بۆ هاوکاری نیودەولەتی دژی تیرۆریزمیش نەیتوانی کارێکی بەسەمەر بێت لەبەرئەوەی ئایندەی هاوپەیمانیتی ئەوروپی دژی تیرۆریزمی ئیسلامی بەخۆدەرخستنی حکومەتێك ناکرێت کە خۆی لەژێر فشاری جەنگی تیرۆریزمدایە و بەشێکی گەورە لە هێزە سەرەکیەکانی ئەوروپا موخالفی ئەو جەنگەن. هەربۆیە بە پیچەوانەی دەورانی ڕوخانی سۆڤیەتەوە کە ڕێگای سێهەمی لەییەر و بلێر لە ئەوروپا وبەریتانیادا بەرامبەر بە تاچەریزم بەدیلێك بوو ، ئێستا بەریتانیا هیچ بەدیل و نمونەیەکی سەرکەوتو بە ئەوروپا نابەخشێ و دەورانی سەرکردایەتی بەسەر چووە. بەڵام حکومەتی بلێر لە ژێر فشاری بەرژەوەندیە ستراتیژیەکانی لەگەڵ ئەمریکادا نایەوێت دەست بەرداری هاوکاریکردنی بێت لە جەنگی تیرۆریزمدا و بەم پێیە لە پەیامی G8دا لە 8 تەمووزدا ئەو دڵدانەوەی ئەمریکا دەکات بۆ درێژەپیدانی ئەم جەنگە.

بەڵام تاکەی ئەم قوربانی دانە و لە پێناو چیدا؟ ئەمە ئەو پرسیارەیە کە خەڵکی بەریتانیا و یەکێتی ئەوروپا دەیخاتە بەردەم بلێر و فشارەکانی ئەم دوو لایەنە ئایندەی مانەوەی بەریتانیا وەك هاوپەیمانیتی ئەوروپی لەگەڵ ئەمریکا لە جەنگی تیرۆریزمدا دیاری دەکات.

دوو ملیۆن خەڵك کە لە 15 فیبریوەری(شوبات)2003 لە لەندەن و ناڕەزایەتی ملیۆنەها ئینسان لە بەرتیانیا بە سیاسەتی بلێر بۆ بەشداری لەشەڕی عێراق ، ئەو هێزەیە کە بەشوێن ئەمنیەت و ژیانی ئارام نەك هەر بۆخۆی بەڵکو بۆ خەڵکی عێراقیش دەخوازێت.لەکاتیکدا کە ڕێگەچارەکانی بلێر بەبنبەست دەگات و درێژەپیدانی جەنگی تیرۆریزم ڕۆژانە لەندەن و شارەکانیتری بەریتانیا لەبەردەم هەڕەشەدا دادەنێت ، ئەم خەڵکە بەشوێن وەڵامی دروستدا دەگەڕێن بۆ کۆتایی هێنان بەم کێشانە. ئەو هێزانەی کە لەسەری "دژی ئیمپریالیست" بونیانەوە پاکانە بۆ تیرۆریزمی ئیسلامی دەکەن وەك SWP ناتوانن بەشێك لەو وەڵامە دروستانە بن و بزوتنەوەی دژی شەڕیان کاتێك بەرامبەر بە ئیسلامی سیاسی و کردەوە تیرۆریستەکانی پاکانە دەکات و هەردوو بەرەی شەڕی تیرۆریزم مەحکوم ناکات و هەڵویستی نابێت دەکەوێتە لاوە و چیتر ناتوانێت ببێتە قاڵبی هیچ حەرەکەتیکی ئازایخوازانەی خەلك دژی ئەم جەنگ و پێشبڕکێی تیرۆریستانە.

ئەو دیبەیت و مناقەشەی ئەمڕۆ لەساحەی سیاسی و میدیای بەریتانیا کراوەتەوە دەبێت بکرێتە مەیدانێك بۆ کۆمۆنیزمی کرێکاری بۆ خستنەڕووی ئەو سیاسەتە دروستانەی لەسەرەتای ئەم جەنگی تیرۆریزمە و لەسەر ئاکامەکانی ئەم چوار ساڵەی لەسەر ئایندەکەی ئێمە خستومانەتە ڕوو. ئەم بن بەست و ئەزمەیەی حکومەتی بلێر دەبێت دەربخرێت و خەتەری درێژەپیدانی سیاسەتی درێژەپیدانی جەنگی تیرۆریزم بۆ سەر خەڵکی بەریتانیا بخرێتە ڕوو . ناڕەزایەتی دەورەی پێشوو لە دژی شەڕی عێراق ببوژێنرێتەوە بە خستنەڕووی

تاكتیكی دروست بۆ ئەم نارەزایەیتانە لە بەریتانیادا كە بریتیەیە لە "كشانەوەی هێزەكانی بەریتانیا لە عێراق و كۆتایی هێنان بە داگیركاری عێراق " و "ناردنی هێزی نیودەوڵەتی بێلایەن بۆ یارمەتیدانی خەڵكی عێراق".ئەمە هەنگاوێكی گرنگە لەو حەرەكەتەی خەڵكی بەریتانیا دەتوانن بۆ شكست پێهێنانی هاوپەیمانیتی حكومەتی بوش لە درێژە پیدانی داگیركاری عێراقدا بیهاوێژن. ناچاركردنی حكومەتی بلێر بە كشانەوەی هێزەكانی لە عێراق كۆتایی بە هاوپەیمانیتی ئەوروپی دەهێنیت لە جەنگی تیرۆریزمدا. بەنەمانی ئەم سەركردایەیتەی ئێستای بەریتانیا لەم هاوپەیمانیەتیەدا ، كاریگەریەكی گەورەی سیاسی و مەعنەوی لەسەر مانەوەی ئەمریكا لە عێراقدا دادەنێت و ئایندەی مانەوەی ئەمریكا لە عێراقدا تاریكتر دەكات. دەبێت ئەم بزوتنەوە جەماوەریە فشار بۆ حكومەتی بلێر بهێنێت كە هاوكاری و نزیكایەتی لەگەڵ جمهوری ئیسلامی ئیراندا وەك ئەو دەولەتەی سەرچاوەیەكی گرنگی تیرۆریزمی ئیسلامی و شەڕی دەسەڵاتی ئیسلامی سیاسی یە كۆتایی پێبهێنێت . هاوكات فشاری زیاتر بۆ دەولەتی ئیسرائیل بهێنێت و پشتیوانی زیاتر و عەمەلی دامەزراندنی دەولەتی سەربەخۆی فەلەستین بكا.

ئەم بزوتنەوە جەماوەریەی دەیەوێت فشارەكانی لەسەر حكومەتی بەریتانیا زیاد بكات بۆ كۆتایی هێنان بە هەڕەشەی تیرۆریزمی ئیسلامی، پێویستە داوای داخستنی سەرچاوەكانی ئەم تیرۆریزمە ئیسلامیە لە ناو بەریتانیاشدا بكات. داوای داخستنی ئەو سەرچاوانە بكات كە سەربازانی لایەنی ئیسلامی سیاسی ئەو جەنگی تیرۆریزمە لە بەریتانیادا پەروەردە دەكەن ، ئەو قوتابخانە ئیسلامیانەن كە دەوڵەت پارەیان دەداتێ ، ئەو بڕیارانانەن كە شەریعەت و حیجاب و بێمافی منالان و پیاوسالاری لە شوینی ژیان و خویندنی كۆمینیتیە شەرقیەكاندا ڕێگە پێدەدات.

خەڵكی بەریتانیا ئەگەر ئێستا هەڕەشەی جدی تیرۆریزمی ئیسلامی سیاسیان لەسەرە و ئەمە كاریگەری لەسەر وەزعی نەفسی و ئامادەییان داناوە ،بەلام لە هەمان كاتدا ڕوبەروی واقعیەتێك بوونەتەوە كە لە پێناو ئایندەیەكی باشتر بۆخۆیان و جیهان و بەتاییەت خەڵكی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا دەتوانن كاریگەری جدیان هەبێت و خۆیان و ئەو خەڵكە لە بەلای جەنگی تیرۆریزم ڕزگار بكەن. ئێمە لەم پێناوەدا كاری جدی دەكەین و هەوڵ دەدەین هەموو كۆڕ و كۆمەڵ یەكێتیە كرێكاریەكان وشەخسیات و ئەندام پەرلەمان و ئەحزابەكانی لەدژی جەنگی تیرۆریزمن سەرنجیان بۆ ئەم ئەركانە راكێشین.

هاوكات دەمانەوێت ئێمە ببینە ئەو پردەی پشتیوانی خەڵكی ئەوروپا و خەباتی خەڵكی عێراق دژی ئەم جەنگی تیرۆریزمە و هەردوو لایەنەكەی ، ئەمریكا و ئیسلامی سیاسی . لەبەشی داهاتوودا لەسەر جەنگی تیرۆریزم لە عێراق و ئایندەی عیراق و كوردستان وەك بەشی چوارەم و كۆتایی قسەدەكەم.

درێژەی هەیە......